# دڵنیابەخۆشەویستی نیشتمان بە هەزاران مەرزییە گەورە دەکات ... عەلی حسێن

پێشکەشە بەگیانی پاکی خاتوو مەرزییە فەریقی

ئەی تۆنەبوویت دەتگووت:
ئەوەی دەنگم کپ بکات. بەهۆنراوەیەکی (هێمن) وئاوازێکی کوردی.
مێشکی پڕدەکەم لەووشەی ئازادی.
ئەی تۆنەبوویت دەتگووت:
ئەوەی خۆشی نەورۆزم لێبکات بەشین. بەچەکوشەکەی دەستی کاوە. لەسەر کورسی دەسەڵات دەیهێنمە خوارەوە.
ئەی تۆنەبوویت دەتگووت:
ئەوەی مافی ژن بوونم زەوت بکات. بەوورەی بەرزی لەیلاکان بێ دەنگی دەکەم.
دەنگی زوڵاڵی (ناسر) لەنیشتمان دەری دەکەم.
ئەی تۆنەبوویت دەتگووت:
ئەوەی جارێکی تر نیشتمانم ئەنفال بکات. بەسرووی ئەی هەڤاڵی پێشمەرگە.
قووتابیان ڕادەپەڕێنم لەفێرگە.
ئەی تۆنەبوویت دەتگووت:
ئەوەی ئاوی کانی کوردستانم لێڵبکات. بەگۆرانی کانی کانی تۆژووانی دڵدارانی
نەتەوەکەم ئازاد دەکەم لەتاریکستانی.
ئەی تۆنەبوویت دەتگووت:
ئەوەی حەبیبەکەی (نالی) م بتۆرێنێ. بەپشتێنەکەی (عومەری خاوەر) هەڵیدەواسم.
ئاگرەکەی (زەردەشت) دەیسوتێنم.
ئەی تۆنەبوویت دەتگووت:
ئەوەی ئاڵای کوردستانم بهێنێتە خوارێ. بەپێنوسەکەی (مەولەوی) نەخشەی وولاتی ئەشێوێنم.
لەسەر نەخشەی جیهان نایهێڵم.
ئەی تۆنەبوویت دەتگووت:
ئەوەی تارای بوکێنی (شیرین) بفرێنێ. بەهێزو بازووی (فەرهاد) ی کوردان.
پیشانی دەدەین چۆن بەردی دەسووتان.
ئەی تۆنەبوویت دەتگووت:
ئەوەی باڵی شەش پەپولەکەم لەبنا دەربهێنێ. بەپێشمەرگەی کورد دەیفرێنم.
لەئاوی (زرێبار) دەیخنکێنم.
ئەی تۆنەبوویت دەتگووت:
ئەوەی کوردستانی خۆش نەوێت. بەناخی زەویدا دەیچەقێنم.
لەئیزگەی دەنگی کورد ناوی دێنم.
خاتوو مەرزییە:
هەموو گاشە بەردێکی کوردستان ئاگادارە ژنە شۆڕشگێڕی کورد دەگەڕێتەوە. ئامێزی خاکی کوردستان.
پەپوولە دڵ بچکۆلەکان لەئاسمانی نیشتمان پێشوازیت لێدەکەن.
هونەرمەندان ژووانێکی هەمیشەیت بۆ دیاری دەکەن. (قالە مەڕە)
بەرێگاوەیە.
(ئەحمەدی خانی) لەباکوور (هەژاری موکریان) لە ڕۆژهەڵات (جگەر خوێن) لە ڕۆژئاوا (گۆرانی لوتکە) لەباشوور. کوورەی دڵیان دێتە جۆشو. هۆنراوەی بەڵێ بەڵێ مەرزییە خان. هەزار ئەوەندەی تر دووربیت. هەر دێیتەوە هەموو کورد ئامێز بۆ دەگرێتەوە.